# کەرکوك لە نێوان کوردستانی بوون و
# لیژنەی جیبەجیکردنی ماددەی 140 دا

**محەمەدی مشیر**

لەوەتەی جێگیرکردنی ماددەی 58 لە دەستووری کاتی عێراق لە کاتی حکومەتەکەی جەعفەریدا تادەگاتە چەسپاندنی ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ، کە لە لایەن حکومەتی مالیکییەوە لێژنەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە، هیچ کاتێ بەڵێنەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە لە کات و ساتی خۆیدا نەهاتوونەتەدی و هەرجارەی بە بیانوویەکەوە کۆسپ لە بەردەمی ئەم پرۆسێسەدا قووتکراوەتەوە. ئیدی جارێکیان لە لایەن بەرەی تورکمانییەوە و ئەویتریان لەلایەن لیستی عەرەبەکانەوەو یەکی دیکەیان لە بەر کۆسپ و تەگەرەکانی حکومەتی ناوەند و هەندێ جاریش لە بەر سستی میکانیزمی بەڕێوەچوونی کارەکانی لێژنەی تایبەت و زۆرجارانیش لەبەر شێواندنی بارودۆخی ئاسایشی شارەکە لە لایەن پاشماوەکانی بەعس و کردە تیرۆریستییەکانی گرووپی ئەلقاعیدە و گەلێ جاریش وەك سەربار لە بەرکەمخەمی و ناکارایی لایەنە باڵا دەستەکانی کوردستانی خۆمان .

بە هەر حاڵ لە بەر سەرجەم ئەو هۆکارانە و گەلێ هۆکاری دیکەش تا ئێستا هیچ بڕیارێکی تایبەت بە ئاساییکردنەوەی باری دیموگرافی کەرکوك و قەرەبووکردنەوەی خەڵکە رەسەنە زیان لێکەوتووەکەی ئەم شارە وێرانکراوە و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ نەکراوە، ئەگەرچی زۆربەی بڕیارو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای ئەم شارە بە بەشداری نوێنەری یەکەمی لیستەکانی نێو ئەنجومەن و بە ئاگاداری و ئامادەبوونی نوێنەری هێزە هاوپەیمانەکان و هەردوو کۆنسوڵی ئەمریکی و بەریتانی بەڕێوەچوون .

## هۆکارەکانی سەرنەگرتنی بڕیارەکان

### (هۆکارە ناوخۆییەکانی کورد)

لە دەسپێکی یەکەمین هەنگاوەکانی تەعریب کردنی شاری کەرکوك و راگواستنی خەڵکە رەسەنەکەی (بە تایبەتیش خەڵکی کورد) لە شەستەکانی سەدەی بیستدا لە لایەن رژێمی رەگەزپەرستی فاشستی بەعسەوە بگرە تا ئازادبوونی ئەم شارە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، هێزە سیاسییەکانی کورد، وەك ئەمرۆکە ئەنجامەکانی روونتردەبێتەوە، خودان هیچ ستراتیژێکی تۆکمە نەبوون تا لە بەر رۆشناییدا بتوانن کێشەکانی ئەم شارە بابەتییانە چارەسەربکەن و لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژەدا بە کەمترین زیان گەورەترین دەسکەوت لە قۆناغەکانی دواتردا وەدەست بهێنن.

هەر لەو کاتەوە ململانێی بەرتەسکی حزبایەتی و شەڕەکانی ناوخۆ و ناتەبایی باڵە جیاوازەکانی نێو بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستان( کە بە بۆچوونی من زۆربەیان لە ناتەبایی و ململانێی کەسێتییەوە سەرچاوەیان گرتبوو نەوەکو هەلومەرجە مێژوویی وبابەتییەکە ئەوەی سەپاندبێ و کێشەکان لە روانگەی جیاوازی پرۆژە هزری و

ئایدیۆلۆژییەکانەوە بووبن) چەند هۆکارێکی گرنگن بۆ نەبوونی ئەو ستراتیژە نیشتمانییە و لە ئاکامدا زیانێکی گەورەیان بە دۆزی رەوای ئەم نەتەوە مافخوراوە گەیاندووە کە تا ئەمرۆکەشمان بە ئاسانی ناتوانین قەربووی بکەینەوە.
ئەو پێشینە مێژووییە دوای بەهاری 1991 و ئازادکردنی شارەکەش لە 2003 دا، بە شێوەی جیاجیا درێژەی هەبووەو رێگرێکی بەهێز بووە لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی شاری کەرکوك.

## (هۆکارە ناوخۆییەکانی عێراق و حکومەتی مالیکی)

هێزە ناسیونالیستە توندرەوەکانی عەرەب و تەنانەت بەشێکی میانرەوەکانیشیان هاوشانی بە شێکی زۆری حزب و رێکخراوە ئیسلامییە سوننەکانی عێراق و چەند حزب و رێکخراوێکی شیعە – ناسیونال و تەنانەت چەند حزبێکی عەلمانی ناسیونال – دیموکراتەکانیشیان دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس بە هەمان میتۆدی نەتەوەیی بەرتەنگی بەعس، یان میتۆدێکی نزیك لەو، بە مەرام و بیانووی جیاواز لە مەڕ کێشەی کوردستانی بوونی ئەم شارە هەنگاویان هەڵێناوەو تا پێیان کرابێ لە سەنتەری دەسەڵات لە بەغدادا کێشەیان بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکە دروستکردووە و دۆخی (عێراقی بچووککراوە)شیان وەك عێراقە گەورەکە ئاڵۆزترکردووە!
تێکڕای ئەو لایەنە سیاسییانە، هەریەکە و بە شێوازی تایبەتی خۆی، بۆ سەرگرتنی پلانەکانیان سوودیان لە باری شێوێنراوی دیمۆگرافی شارەکە و فرە نەتەوەیی و هەمە مەزهەبی و ئایینی شاری کەرکوك وەرگرتووە. هەر هەمووشیان، کەم تازۆر، لەوەتەی ئازادبوونی کوردستانەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی پیرۆز راگرتنی یەکپارچەیی خاکی عێراق سیاسەتیان لە گەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد کردووە، سیاسەتی کۆن وئەمرۆکەی ئەوان و ناوچەکە و جیهانیش هیچ رێسایەکی مۆڕاڵی نەگۆڕ و ئاکار روون ئاراستەی نەکردووە، بەڵکو هەمیشە و لە هەموو شوێنێك بەرژەوەندەکان جڵەوی سیاسەتیان گرتۆتە دەست، لەمەشیاندا سەرکردایەتی سیاسی کورد،نەك هەر لەماوەی 16 ساڵی رابردوودا، بەڵکو بە درێژایی قۆناغە مێژووییە جیاوازەکانی لە تلانەوە لە نێو شکستە سیاسی و دیپلۆماتییەکانیەوە ژیاوە و، لەبەر ژیان لە گەڵ ژانەکانی رابردووی پڕ شکستیدا تا ئەمرۆکەش نازانێ بە شێوەیەکی دروست و بابەتییانە بڕوانێتە ئایندە.
هەمیشەو تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیەکانی بواری سیاسەت و تەنانەت هاووڵاتی سادەی کوردیش راهێنراون و راهاتوون هەر کە باسی عەرەب بە گشتی بێتە گۆڕێ زۆر بەلایانەوە ئاساییە، بێ قووڵبوونەوە لەو قسانەی کە دەیکەن، بڵێن ( عەرەب وان و ئاوان .....)، بەڵام بە ئاوڕدانەوەیەك لە دەورووبەری خۆمان دەبینین عەرەب هەر هیچ نەبێ خاوەنی پتر لە 20 دەوڵەتی سەربەخۆن، کەچی ئێمەی کورد تا ئێستاش خاوەنی تاکە دەوڵەتێك نین کە ئەندام بێت لە نەتەوەیەکگرتووەکان، سەرباری ئەمەش واز لەو قسەپووچانە ناهێنین و نامانەوێ ریالیستانە و دوور لە هەموو شێوەکانی دەمارگرژی بیر لە واقعی سیاسی خۆمان بکەینەوەو دۆستە راستەقینەکانی دۆزی رەوای کورد لە نێو عەرەب و نەتەوەکانی دەورووبەردا بناسین و بە پێی پێداویستییەکانی ئەمرۆی سیاسەتی ناوچەکە پەیوەندیان لە گەڵدا پتەوبکەین (هۆکاری ئەم حاڵەتە زۆرن بەڵام لێرەدا مەبەست نییە باسیان لێوە بکەین). کەواتە لەو حاڵەتەدا زۆر بێشەرمانە پێویستە دان بەوەدابنێین کە خۆمان نەزانین و ناشزانین لە سەر بنەمای مافە رەواکانمان سیاسەت لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق و دەورووبەر و جیهاندا بکەین.
سەبارەت بە حکومەتەکەی مالیکیش، کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەهێزترین هاوپەیمانیەتی لە پەرلەمان و حکومەتدا، بە هەمان شێوازی حکومەتەکەی جەعفەری تا ئەمێستا لە راست بەڵێنەکانی دەرحەق بە کەرکوك راستگۆ

نەبووە. بۆیە دەبینین ئەگەر حکومەتەکەی مالیکی خۆی لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 نەدزێتەوەو، بە بڕیاری فەرمی ئەندامێکی شیعەی تورکمان بە ناوی(تەحسین کەهییە)نەکاتە ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ناوبراو، قەت تورکمانێکی سوننەی بەرەی تورکمانی ناکەوێتە ژێر کاریگەری فیتی تورکیا و داوای هەمان پلە ناکات.ئەگەر لە سەرەتای پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بە جێبەجێکردنی ماددەی 140دا،حکومەتەکەی مالیکی هەموو لایەنە تورکمانەکانی وەك پێکهاتەیەکی شارەکە فەرامۆش نەکردبا ، ئەوا هەرگیز ئەندامێکی بەرەی تورکمانی بەناوی( عەلی مەهدی) بەهانەی نەدەبوو بە وتاف لێدانەوە بە وەزیری دادی عێراقی، کە سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی((140))ە، بڵێت ئێمە بە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە رازی نابین ئەگەر ئەندامێکمان لەو لیژنەیەدا نەبێت. ئەمانە و دەیان هەڵوێستی چەوتی دیکەی حکومەتەکەی مالیکی هاندەر و هۆکار بوون بۆ ئاڵوزترکردنی بارودۆخی شارەکە و دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا.

## (دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە)

گرنگی رۆڵی وڵاتانی دەوروبەروو ناوچەکە لەمڕۆکەی عێراقدا هیچی لە گرنگی رۆڵی هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق و حکومەتی مالیکی کەمتر نییە، ئەگەر زیاتریش نەبێ. ئاڵۆزکاندنی بارودۆخی ناوخۆی شاری کەرکوك و فراوانکردنی کەلێنی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم شارە بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانە دەرەکییەکان .ئیدی ئەگەر پاشماوەکانی بەعس و رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە بە کۆمەکی رژێمە سوننە مەزهەبەکانی عەرەب بتوانن بە تەقینەوەو کارە تیرۆریستییەکانیان پێش لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکە بگرن، ئەوا ناسیونال– شیعەکانی رەوتی سەدریش لە خزانە نێو فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکانی ئەم شارە بە بڕیاری فەرمی حکومەتی ناوەند و پشتیوانی ئێران بۆ نەتوانن تورکمانەکانی نێو لیستی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بکەنە دوو لەت و، لە بەرچی لەتە شیعەکەیان داواوی پۆستی جێگری پارێزگار نەکا؟؟ ئەگەر هەندێ لایەنی شیعە لە رێگەی دەسەلأت و فشاری ئێرانەوە بتوانن ئەم کارە بە فەرمی لە ناو کەرکوك ئەنجامبدەن؟ ئەوا تورکیای سوننە مەزهەب و دۆستی دێرینی ئەمریکا لە ناوچەکە، کە رۆژانە بە بیانووی جیاجیاهەڕەشە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کورد دەکات، بۆ نەتوانێ بەشە سوننە مەزهەبەکەی نێو لیستی تورکمان بقۆزێتەوە و بە بیانووی داکۆکیکردن لە تورکمان دەیان کێشە بۆ جێبە جێکردنی ماددەی 140 نەنێتەوە؟؟

تورکیا دەیان جار راشکاوانە رایگەیاندووە کە رازی نابێ کەرکوك بگەڕێتەوە باوەشی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش درێغی نەکردووە، باشترین بەڵگەش بۆ دەستێوەردانی تورکیا لە کاروباری ناوخۆی کوردستان و عێراق، گرێدانی ئەو کۆڕە بوو کە بەناوی (کەرکوکی 2007 )، لە 15 و 16 ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، لە پایتەختی تورکیا ئەنجامدراو، هاوکاتی بەشداربوونی نوێنەری کۆمەڵێ گرووپ و حزب و ئەو لایەنانەی کە دەرحەق بە کوردستانی بوونی کەرکوك هەڵوێستی رەگەزپەرستانەیان هەیە و نایانەوەی ماددەی 140 جێبەجێبکرێت، دوو ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ناوبراویش لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی بەرپرسی حکومەتی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ئامادەی کۆڕەکە بوون.

## (رۆڵی ئەمریکاو هاوپەیمانان لە کێشەی کەرکوك دا)

ئەمریکا وەك زلهێزێکی ئەمڕۆی جیهانێکی تاکجەمسەر لە دوای رووخانی رژێمی سەدامەوە کۆنترۆڵی تەواوی عێراقی لە دەستەو لە هەموو وورد و درشتێکدا پرس و راوێژی پێدەکرێ و لە چوارچێوەی ستراتیژە تازەکەیدا(پرۆژەی بێکەر هامڵتۆن) دەڕوانێتە بەرژەوەندەکانی لە عێراقدا.ئەوەی پێویست بە ئاماژە دەکا لە سیاسەتی ئەمڕۆکەی ئەمریکا دەرحەق بە کێشەی کورد لە عێراقی دوای بەعسدا، کە کێشەی کەرکوك یەکێکە لە ستوندە بنەڕەتییەکانی و، لە گوتاری سیاسی کۆن و نوێی هێزە کوردستانییەکاندا بایەخی زۆری پێدراوە، لە رواڵەتدا ئەوەیە کە کورد رۆڵێکی گرنگ لە عێراقی نوێدا دەگێڕێ و هێزێکە ناکرێ فەرامۆش بکرێ.بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەمریکا تا ئێستا ئەمەی بۆ کورد نەسەلماندووە، ئەگەرچی بەگوتەی بەرپرسانی ئەمریکا لەوەتەی راپەڕینی 1991 ەوە، کورد نزیکترین دۆستی ئەمریکایە لە عێراقدا.

سوپای هاوپەیمانان کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکا بە بەهانەی پاراستنی دۆخی ئاسایش و داکۆکی لە خۆکردن نەك هەر لە شارێکی وەکو کەرکوکدا، بەڵکو لە سەرتاسەری عێراقیشدا، بە عەقلیەتی کاوبۆکانی تکساس رەفتار دەکا و ئەوەی بیخوازێ ئەنجامی دەدا بێئەوەی هیچ پرسێك بە سەرکردایەتی سیاسی کورد یاخود عێراق بکا. ئەم تەرزە رەفتارکردنە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بارگرژی دۆخی ئاسایشی شاری کەرکوك و دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ، کە ئەمریکا باش دەزانێ بۆ کورد بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە.ئەگەر ئەمریکا لە سنووری پەیوەندییە تازەکەی لە گەڵ کورددا بچووکترین بەرژەوەندی کوردی رەچاوبکردایە لە شاری کەرکوکدا ئەوا هەرگیز رێگەی بە هێزەکانی نەدەدا هێرش بکەنە سەر ماڵی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سەر بە لیستی عەرەبەکان بە ناوی (شێخ عەبدوڵا سامی ئەلعاصی) بێئەوەی پرس بە ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگاری کەرکوك بکاو، هەرگیز رێگەی بە هێزەکانی نەدەدا دانیشتوانی ئەم ماڵە ریسوابکرێن و سوکایەتیان پێبکرێ. ئەم تەرزە رەفتارانەی ئەمریکا بەهەر بیانوویەك بێت، بە هیچ شێوەیەك خزمەت بە کێشەی کورد و کەرکوك ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەمارگرژی نەتەوەیی و تایفەیی ریشەدارتردەکا و کەلێنی نێوان پێکهاتە رەسەنەکانی شارەکە فراوانتر دەکا و، دەرەنجام هەڵویستی کورد لەم شارەدا سەختتر دەکاو لە گەیشتن بە مافە رەواکانی بە دووری دەخاتەوە.

## (بەرەنجام و چارەسەر)

پێدەچێ گرێکوێرەکانی کێشەی کەرکوك لە چوارچێوەی ماددەی 140 ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ و، لە رێگەی ئەو میکانیزمەی ئێستاکە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە پیادەدەکرێ ، وا بە ئاسانی نەکرێنەوە.لە کاتێکدا تێکرای هۆکارەکان ئاڵۆزی دۆخی کێشەکەیان تیرتر کردووە. ئەمەش بەو مانەیە دێ کە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی نێو لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەرچی زووتر دەستوبردی لێنەکەن و لە رێگەی فشار لە بەغداوە سنوورێك بۆ ئەو هەموو دەستێوەردانە دانەنێن، ئەوا ئاستەمە بەم میکانیزمەی ئێستاو لە سایەی ئاڵۆزبوونی رۆژبەرۆژی باری ئاسایشی عێراق، لیژنەی تایبەت بە ماددەی ناوبراو بتوانێ لە کۆتایی ئەمساڵدا کێشەی کەرکوك بە شێوەیەکی یەکجاری یەکلابکاتەوە.

هەموو ئاماژەکان نیشانی دەدەن کە سەرباری کەمتەرخەمی و سستی لایەنە کوردستانییەکان، تا ئەم ساتەش لەبەر رۆشنایی بۆچوونی بەرتەنگی نەتەوایەتی و تایفەگەری لە نێوەندە فەرمییەکانی بریار لە بەغدادا، مامەڵە لە گەڵ کێشەی کورد و کەرکوکدا دەکرێ و، لۆژیکی دەمارگرژی نەتەوەیی و تایفەگەری لە واقعی ئەمڕۆی عێراقدا زاڵترە بە

سەر لۆژیکی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەو ئارەزوومەندانە ، بە تایبەتیش لەو لایەنانەی کە لە نێو دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدڕاڵدا پەیوەستن بە دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و کەمینە نەتەوایەتی و ئایینییەکانی دیکە.بۆیە بە هەڵوێستێکی هەمەلایەنە و مکوّمی هێزە کوردستانییەکان نەبێ کە دەرهاوێشتە سیاسییەکانی ئیسێتای عێراق رەچاو بکات، نەك لە کۆتایی 2007 دا، بەڵکو زۆر لەولاتریش ئاستەمە کێشەی کەرکوك چارەسەربکرێ.